الاتحاد العام للاجئين العراقيين – فنلند

**فيدراسيۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە فنلاند**

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR= Finlanda

# لە فنلاند لەشاری ئیماترا، پەنابەران خۆپیشاندانێکی سەرکەوتووانە ئە نجامدا !

لە ژێر شیعاری (نا بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران، کوا مافەکانی مرۆڤ ) ئەمڕۆ بەرواری 12 / 5 / 2009 فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە شاری ئیماترا هەستا بەڕێکخستنی خۆپیشاندانێك کەسەرەتا خۆپیشاندەران لە کەمپی یۆنسووە بەڕێپێوان بەرەو ناوەڕاستی شاری ئیماتراو بەریکەوتن، پاشان لەبەردەم بەڕیوەبەرایەتی پۆلیس کۆبوونەوە کە هاوکات ژمارەیەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون. ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانە لەکاتێکدایە کە وەزارەتی کۆچ بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی خێزانێکیداوە بۆ یونان، وەهاوکات لەگەل بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان وعیراق، فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند کەمپەینێکی بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی پەنابەران ڕاگەیاندو لەمبارەشەوە وەك یەکەمین هەنگاو خۆپیشاندانیکی لە شاری ئیماترا ئەنجامدا کە تیدا زیاتر لە 40 کەس بەشداریکرد. شایەنی باسە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم خۆپیشاندانەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نوێنەری فیدراسیۆن و ژمارەیەك لە پەنابەران ئەنجامدا سەبارەت بەئامانجەکانی ئەم خۆپیشاندانە. هاوکات لەمبارەوە ڕیبوار عارف سکرتیری فیدراسیۆن لە فنلاند چاوپیکەوتنی لەگەڵ چەندین رادیۆو ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنا ئەنجامدا لەوانە: رادیۆ ناوچەی ئیماترا، تەلفزیونی کەنالی سێ، ڕۆژنامەی... ڕادیۆی فنلاندو هەروەها چەندین ڕادیۆ کەناڵی تری ڕاگەیاندن هەواڵەکەیان پشتڕاست کردەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە فیدراسیۆن بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران لەگەل چەندین حزب وڕێکخراوە سیاسی وپیشەی وئینسان دۆستەکان کردوەو هاوکات لەگەل چەند پەرلەمانتاریك سەبارت بەکێشەی پەنابەران وبریاری دیپۆرتکردنەوەیان قەسەوباس کراو لەمبارەوە پیشوازی و پشگیریەکی بەرچاو لەکارکان ئەنجامدراوە کە لە دریژی کارو چالاکیەکاندا ئاگادارتان دەکەینەوە. وەهاوکات هەمان ڕۆژ وەزارەتی کۆچی لە دەنگی نارەزایەتی پەنابەران سەبارەت بە بڕیاری دیپۆرتکردنەوە ئاگادارکردەوە. دوابەدوای مانەوەی پەنابەران بۆماوەیەك لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسدا پاشان لیژنەیەکی چوار کەسی چوونە ژورەوە بۆ خستنە ڕووی داواکاریەکانی پەنابەران وگەیاندنی بە بەوەزارەتی کۆچ لەڕێگەی پۆلیسی ئیماتراوە. لەمبارەوە ئیدریس حاجی سعید وەك نووێنەری فیدراسیۆن وپەنابەران قسەوباسێکی لەپەیوەند بەکێشەو بریاری گەرانەوەی پەنابەران لەلایەن وەزارتی کۆچەوە خستەڕوو وە داوایکرد کە داخوازیەکانیان بگەینە وەزارەتی کۆچ. هاوکات کۆمساری ناوچەی کاریالا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك بە تەلەفون قسەوباسی لەگەل ڕێبوار عارف کرد سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەم خۆپیشاندانەو بڕیاری ناعادلانەی حکومەتی فنلاندو وەزارەتی کۆچ کە کۆمساری پۆلیس بەلینیدا تەواوی دواکاریەکان دەگەیەنیت بەوەزارەتی کۆچ. دواتر پاش چوونە دەرەوەی لیژنەکە ئیدریس حاجی سعید قسەوباسێکی بۆ بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە کردو سەبارەت بە دیدارەکە لەگەل کۆمیساری پۆلیسیدا.... شایەنی باسە یەکیك لە ئاکامە سەرکەوتووەکانی ئەم خۆپیشاندا ئەوەبوو کە هەمان ڕۆژ پۆلیس دوو پەنابەری دەسگیری کردبوو بە مەبەستی دیپۆرتکردنەوە بۆ یۆنان بەلام لەگەل ریکخستنی ئەم خۆپیشاندانەوە دەنگدانەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندنا هەردوو پەنابەرەکە ئازاد کران. پاشان پەنابەران لە نیو شورشەوقیکی فراواندا کۆتایان بە خۆپیشاندانەکە هێنا.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند

2009 / 5 /12

rebwar.arif@hotmail.com Tel:0440464905